# Volta — Kurdish (Sorani) /(کوردي (سۆراني

ریضةرد بصرصنطارتن
Richard Berengarten

تةرجومان: محمد توفيق علي
translated by Muhamad Tawfiq Ali

**ڤۆلتا***1: پیاسەی ئێواران

...ئێستا ئەوا تاریک داهات...*2

ئەی ڕۆژ، ئەی شای ڕومەت سور، ئەی لیرەی زێڕی ڕۆژان،
کە لە پێستم دەدەیت، هەر دەڵێی دەبێتە بیلبیلەی چاوم،
بڕبڕەی پشتم دەبێتە دەماری تریسکی و لەشم دەلەرزێت و
نیوچە سەرسورڕماوم بەو سولاڤە ئالتونەی،
کە بە سەر ئەم دەریاو شارە دەیڕژێنیت، چاوم ئەوا هیچ نابینێت.
جاران لێرە ڕێزە خانوبەرەو ڕێگاوبان هەبون_
دەزانم کە ئێستاش هەر ماون_ کە پەیوەند بە شارێکی ترن،
نەک بەم شارەی کە تۆ نەخشەکەت بە تەواوی گۆڕاندوە.

ئێمە لە قەراغی ئاوی دەریاکە دێین و دەڕۆین.
بەلەمەکانی ماسیگرەکانی بەشەو ئەوا ئامادەن بۆ ڕاوەماسی،
مەکینەکانیان نەرمە دەنگیان دێت، فانۆسەکانی بە نەفت لە قەراغی
ڕێزکراون و هەمو خەلکی شار هاتونەتە دەرەوە بۆ پیاسەکردن،
دلداران باسک بە باسک، لاوان بە لارولەنجەوە، دایکان و باوکان پێکەوە،
مندالان دۆندرمە دەخۆن، پیرەمێردان لە کورسی و مێزی چایخانەکانی
لە ڕوخ شەقام تەماشا دەکەن و گردەکانی لە بەر تاریکی ئەوا نزیک دەبنەوە،
هەر دەڵێی ئاژەلی دۆستانەن.

بریقەداری ئاسمانی ئێوارەی خۆش، بلاو بویتەوە لە سەر گردەکان و
کەنداوی دەریا، ئێستا بازوت لە بازوم دەخشێت، هەر دەڵێی بە سودفەت،
وەکو دەست لێدانی ئەم ئافرەتە جحێلەیە، کە لە تەنیشتم دەڕوات بە خۆی و
بە سمتە گەورەکانی و بە شەقاوی کورتی و بە بەژنوبالای شۆخوشەنگی و
بە پرچی قەتران رەشی بەرەو دواوە چوەو بە گەردەن قازی ناسکی و پیلەکانی کە
بە هەتاوی هاوین ڕەنگیان بویتە ئەسمەرێکی تۆخ و چاوەکانی لە ڕەنگی قاوەیی
زەیتونی هەر پێدەکەنن. ئەی سورەیای بریقەدار، دەتخۆمەوە، هەر وەکو شەڕاب و
مۆسیقا، هەر وەکو چۆن پیروپێشینانی ئەو تۆیان دەخواردەوە بە هەزاران سال.

ئەی شاری کونکونی ئیسفنجی بە ناوی(ئێلیفسیریا)*3، واتە ئازادی، هەر چەند شوێنەوارەکانت هەر وەکو پنکی رەنگ خۆڵەمێشین لە نێو چاوەکانی، بەلام لەم کاتەی کە روناکی و تریسکەکانی بە دقەت گەمە لە گۆڕەپانی دەموچاوی دەکەن، هەر وەکو قسەو گۆرانی، مافی لەمێژی هەیە کە بە کەناری ئەم (کۆرنیشە) پیاسە بکات، هەر وەکو ئالەتی مۆسیقاژەنی و پاسەوانی ڕوناکیەکەت،
کە لە قولایی چالی بیلبیلەی چاوەکانی کۆ دەکاتەوە.
هەروەها، ئەی ئازادی خۆشەویست، بۆی دەشێت کە پێت لێ بنێت،
هەر وەکو ئەوکەسەی کە سەماو هەلپەرکێ دەکات.

ئەی ئێوارەی دەلال، ئەی ڕوناکی تەمەن هەزاران سال،
ئەی سترانبێژی گەرو سافی دەنگخۆشی وەکو ئەم خاتونە جوان.
چۆن دەبێت ئەو نازونیعمەتەم خۆش نەوێت؟کە بەم شارەو خەلکەکەی
دەیبەخشن، ئەو قالبەی کە دەستی لە هەر شتێک بدات
وەکو پەیکەر خشتبڕی دەکات، هەروەها، هەمو جهان.
ئەی ئێوارە، ئەوا من بوم بە بەندەی تۆ، ئەگەر رەعیەتت نەبم.
ئەوەندە تینوم کە حەز دەکەم هەموت بخۆمەوە،
هەتا هەمو کونەکان بە بریقەداریت پڕ بکەمەوە، بە ئازادی ئەو.

1.ڤۆلتا* : وشەیەکی یۆنانی ئەم سەردەمەیە بە مانای پیاسەی ئێواران و دەگەرێتەوە کۆنە زمانی لاتینی بە مانای سوڕاندنەوە، بادانەوە، یان گەڕانەوەو بە ئیتالی ئێستاش پێی دەلێن(پەسیگاتا)، کە ڕەوشتی خەلکەکانی دەوروپشتی

---

| | |
|---|---|
| ریضەرد بصرصنطارتن | تەرجومان: محمد توفیق علي |
| Richard Berengarten | translated by Muhamad Tawfiq Ali |

---

فەهرەستي أونكردنەوە: / Notes

1.ڤۆلتا*: وشەیەکی یۆنانی ئەم سەردەمەیە بە مانای پیاسەی ئێواران و دەگەرێتەوە کۆنە زمانی لاتینی بە مانای سوڕاندنەوە، بادانەوە، یان گەڕانەوەو بە ئیتالی ئیستاش پێی دەلێن(پەسێگاتا)، کە ڕەوشتی خەلکەکانی دەوروپشتی دەریای سپی ناوەندین. بەو جۆرە ڕەوشتەو جێگایەی پیاسە لێ کردن دەلێن(پرۆمەناد) بە ئنگلیزی. لە عراقیش بە جادەی وەکو(ابونواس) لە قەراغی ڕوباری دجلە لە بەغدا دەلێن (کۆرنیش).

2 ...ئێستا ئەوا تاریک داهات.. لە بەیتێکی شعری(جۆرج سیفیس)ی شاعری یۆنانیە.

3. (ئێلیفسیریا) واتە ئازادیەو ناوی ژنانە.

4. ئەم شیعرە لە ئنگلیزیەوە تەرجومە کراوە بۆ دەیان زمانی تر، لەوانە کوردی کرمانجی کە بە تایپی رۆمانی نوسراوە، ئومێد وایە زۆربەی زمانەکانی جیهان بگرێتەوە. شاعر(ریچەرد بێرێنگارتن) ئەم شیعرەی نوسی لە وەلامی پرسیارێکی شاعری فەرەنسی(میشێل دیگۆی):

که باسی شیعر دەکەین، ئایا هەمومان لە حەقیقەتا دلنیاین کە باسی هەمان شت دەکەین، لە هەر جێگایەک بین لە جیهان و بە هەر زمانێک قسە بکەین؟

تەرجومان: محمد توفیق علی
ئەندامی ئنستیتیوتی زمانەوانانی میری لە بەریتانیا.

---

interLitQ.org